# کۆمەڵناسی و دەسەڵات

## «دەربارەی فیتشیزمی زانستی»



**تیۆدۆر ئەدۆرنۆ**

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

تا ئێستا لەبارەی پرسی خۆجیاکردنەوە و تایبەتمەندی و ***بێلایەنیی کۆمەڵناسی*** لە سەرجەم زانستەکانی تردا لێکۆڵینەوەی زۆرمان کردووە، هەڵبەت قسەوباسمان لە پێگەی ئەم زانستە خۆیشی کردووە. وەك بینیمان پێگەیەکی گرنگیشی هەیە. پێموایە دەبێت سەرلەنوێ ئەم باسە تاوتوێ بکەینەوە، بەتایبەتیش لە پرسی ***فیتشیزمی زانست***دا. وێناکردن و چەمکەکانی کۆمەڵناسی تەنیا دەیەوێت وێناکردن و چەمکی کۆمەڵناسی خۆی بێت، کەچی ئەم وێناکردن و چەمکە دەیباتەوە سەر ئاراستەی فیتشیزم[١]. شتێکی بێسودیش نیە لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیدا و بگرە بە ڕێگەیەکی کۆمەڵناسانە لە چەمکی فیتشیزمی زانست بکۆڵینەوە. ئەوەی پەیوەندیی بە فیتشزمی زانست بەگشتییەوە هەبێت و ئەوەی لێیدەترسین ئەوەیە کە زانست، لە پەیوەندیی پێشمەرجەکانیدا یان لەو ڕێگایانەیدا وا لێیەوە هەڵقوڵاون، خزمەتەکانی تەنیا ئاراستەی خۆی بکات و خۆی بخاتە خزمەتی خۆیەوە، بێئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتەوە هەبێت کە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

بەڵام لە ئێستادا تێگەیشتنمان لە زانست بە مانای ئەو پێکهاتنە زەینییە سەربەخۆیە نیە کەوا تێڕوانینە تەقلیدییەکان وێنایان دەکرد. ڕەوایەتیی زانست سود لەو گۆشەنیگایانە وەردەگرێت کە لێیەوە

---

١. (Fetishism)یان "بتگەرایی" زاراوەیەکی داتاشراوە لە وشەی پورتوگالییfetitico ـەوە، کە بە واتای سیحر و جادوو و نوشتە دێت، لەسەرەتادا بەو پیرۆزکراوانە دەوترا کە لای هەندێ گەلانی ئەفریقا هەبوو لەو باوەڕەوە گوایە هەندێك شتی مادیی بچووك خاوەنی هێزێکی سیحریی سەرووئاسایین .لای مارکس ئەم چەمکە دەبێتە ستراتیژێکی سیستەمی سەرمایەداری، لەم سیستەمەدا خەڵك وا وێنای یاسا ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن کە بەهەمهێنراوی هێزگەلێکی سەروو ئاساییَن کە زاڵن بەسەریاندا و لە بواری کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەیان دەبەن .لە ئابووریی مارکسیزمدا، کە پێیوایە سەرمایەداری بەندە لەسەر خاوەنداریێتی تایبەتی، بتگەرایی ماتریالی دروستدەبێت، واتە جۆرە وێناکردنێك لەبارەی کاڵا و کەلوپەلەکانەوە وەك شتانێك کە بە سرووشتی خۆیان خاوەنی هێزێکی شاراوەن، ئەویش بریتییە لە توانای ئاڵوگۆڕکردن و، ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندیی نێوان خەڵکی و مامەڵەکانی ڕۆژانەدا، لەمەیشەوە سەرمایەداری هەموو شتێك لە جیهاندا دەکاتە بابەتی کڕین و فرۆشتن. وەلێ لە حەقیقەتدا توانای ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو شتانە خۆیان بەهەرمی کاری مرۆیین، جووڵەکانیشیان هیچ نین جگە لە بەرەنجامی پەیوەندییەکانی خەڵك لە ڕێڕەوی بەرهەمهێناندا .لای قوتابخانەی فرانکفۆرتیش فیتشیزم لەپاڵ شێوە کاڵاییەکەیدا ڕەمزییش دەبێتەوە، بۆنمونە کردنی بەرهەمی فەرمی دامەزراوەکان و هەروەها خودی دامەزراوە و سەرچاوە پەیوەستەکانی ئەم دامەزراوانە بە بنچینەی باڵای کارگێڕیی دەوڵەت، ئەمەیش لەڕێگەی میکانیزمە بەردەستەکانی کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی وەك زانست و ئایدیۆلۆژیا و ڕاگەیاندنەوە. واتە فیتشیزم مانا ئابورییەکەی کاڵاکان تێدەپەڕێنێت و دەبێتە یەکێك لە میکانیزمەکانی جێگیرکردنی واقیعی سەرمایەداری وەك واقیعێکی گونجاو و ئەبەدی لە زەین و ئاگایی خەڵکیدا-وەرگێڕ

هەڵدەقوڵێت و تێیدەپەڕێنێت و بەرەهایی خۆی دەخزێنێتە نێو کوتلەی زانستەکانەوە. من دەزانم لەم ڕەوشەی ئێستادا کە زانستەکان بە نێو قەیراندا دەڕۆن، زانکۆیش بە هەمان قەیراندا دەڕوات، هەرگیز ئەم پرسە ئاسان نییە و بگرە بواری جیاکردنەوەی ئەم دوو قەیرانە لە یەکتری نەماوەتەوە، پێموایە بۆمان نییە زەندەقی مندالْ ببەین و بە خۆشۆردن بیترسێنین، بۆ پاکژیی زانستیش هەروا. بە بڕوای من، کە چەندین جاریش جەختم لێکردۆتەوە، ئێمە لە میانەی هەڵگۆزینی میتۆدگەلی نوێوە بڕوا بە پەرەسەندنی زانست، بە زانستە سروشتییەکانیشەوە، دەهێنین. بەڵام ئەگەر کۆمەڵناسی هەر تەنیا بە نموونەی میتۆدی زانستەکانی ترەوە گیرسایەوە، بێ ئەوەی ئەم میتۆدە بیگەیەنێتە فۆرمێك لە بیرکردنەوە لە خۆی و پەیوەندییەکانی خۆی بە بابەتەکانی ترەوە، ئەوا ئەمە دەبێتە مایەی جۆرێك لە دیاردەی ئیفلیجیی عەقڵی، دەیگەیەنێتە ئەو دیاردەیەی کە هابەرماس وەك کۆتوبەند ئاماژەی پێدەدات، یان دەیگەیەنێتە بنبەستی ئەزموونی تەقلیدی کە کۆمەڵناسی، لە قۆناغی گەڕان بە دوای خۆیدا، دەبێت هەر بەکردەیی لێیدەرچێت و تێیپەڕێنێت. خۆ ئەگەر منیش لای خۆمەوە بمەوێت خۆم لە چەمکە باوەکان دوور بخەمەوە، هەر ئەمەیشە قوتابخانەی فرانکفۆرتی ئێمەی پێ جیا دەبێتەوە، ئەوا هیوام وایە لە دواجاردا ئەمە نەبێتە جۆرێك لە فیتیشیزم. هەڵبەت مەبەستیشم ئەوە نیە ناچاربین بچینە سەر نەفەسی جۆرێك لە پراگماتیزم، یان جۆرێك لە گەڕان بە دوای بەرەنجامگەلی ڕاستەوخۆدا کە بتوانین بەکاریان بهێنینەوە. بەڵکو ئەگەر لە ئێستادا بەباشی بیر لە کۆمەڵناسی بکەینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ئەو میتۆدەی تێیدا بەکاری دەهێنین ئەگەرچی سەربەخۆیش بێت، کەچی هەر دەبێت لەگەڵ زانست و تەنانەت لەگەڵ ئەو پرسە چکۆلە و بەشەکییانەیشدا بگونجێت کە کۆمەڵگا دەیخاتەڕوو، لە دیوەکەی دیکەیشەوە ***ئەو زانستەی لە فیتشیزم دووردەکەوێتەوە دەبێت پەیوەست بێتەوە بە گۆڕانکارییەکانی بونیادەوە لە نێو کۆمەڵگەدا***. جێی خۆیەتی بڵێین گەرچی حاڵی حازر کۆمەڵناسی پەیوەستە بە چارەسەرکردنی پرسە پراکتیکییەکانەوە، کەچی دەشکەوێتە نێو فیتشیزمەوە. ئەمەیش ئەو کاتەی هەوڵدەدات لەپێناو پاراستنی جۆرێك لە ***پاکژیی*** پێویست بۆ خۆی، خۆی لە ***ویستی گۆڕان*** بدزێتەوە و دەرباز بکات.

لەبەرئەوە وا پێدەچێت دیاریکردنی کایەی کۆمەڵناسی، بەو شێوەیەی کە هەوڵمدا وێنای بکەم بۆتان لەجێی خۆیدایە، بەو مانایەی من ویستوومە پێگەیەکی شیاو بۆ کۆمەڵناسی لەپاڵ زانستەکانی تردا، کە لە پێش ئەمەوە تایبەتمەندی و جیامەندیی خۆیان وەرگرتووە، بخەملێنم. ئەووم سەلماند، یان

لایەنی کەم هەوڵمدا ئەوە بسەلمێنم کۆمەڵناسییش وەك سەرجەم زانستەکانی تر زانستە، بەڵام ئەگەر ئەو کایەیە لەبەرچاو بگرین کە کۆمەڵناسی سەروکاری لەگەڵیدا هەیە، واتە کۆمەڵگە، ئەوا کتومت هاوشێوەی زانستەکانی تر نیە. بەڵکو خاوەنی ڕەهەندی «چۆنییەتی»یشە کە لەوانی تر جیایدەکاتەوە.

بۆیە پۆلێنکردنی کۆمەڵناسی و پێگیرکردنی بە یەك پانتایی پسپۆڕییەوە کردەیەکی سەیر و بێسەروبەرەیە، مێژووی کۆمەڵناسیی مۆدێرن دەمانخاتە بەردەم فۆرمێکی بارگۆڕاو و شلۆق. لە لایەکەوە دەبینین کۆمەڵناسی مەیلی ئەوەی هەیە ببێتە زانستێك لەگەڵ مۆدێلی ئەو زانستانەی تردا یەکسان بێت کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سرووشت دەدەن، کەچی لە لایەکی تریشەوە دەبینین ئەم زانستە هەتا بێنیاز بێت و ئامانجی خۆی دیاری نەکات، واتە تا ئەو کاتەی چاوی لە کۆمەڵگا بڕیبێت، ئیدی بواری ئەوەمان نیە ئەم زانستە دیاری بکەین و جیای بکەینەوە، ***بەم جۆرەیش خولیا و نیازی ئەم زانستە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە هاوشێوە دەبێت بە خولیا و نیازی کۆنترۆڵکردنی سرووشت لەلایەن زانستە سروشتییەکانەوە.***

تا ڕادەیەك ئەم هاندەرە لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا دەبینینەوە. تیۆری ئایدیاکان، یان کاتیگۆریای میتافیزیکی لای ئەفلاتوون لە تیۆری کۆمەڵایەتی جیانابێتەوە، بەو مانایەی گەڕان بەدوای ماهیەتی فەلسەفەدا لە گەڕان بەدوای پرسی کۆمەڵگەی ڕاستەقینە جیا نابێتەوە. ڕەنگە هۆکاری دۆگمابوونی فەلسەفەی ئەفلاتوونیزمیش هەر لەوەدا بێت کە هەوڵیداوە سۆراغی تاکە کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵی بکات، ئەمە لەپاڵ دابەشکردنی کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی هەرەمی و هیرارشی، بێ ئەوەی کەوتبێتیشە هەڵەکانی کۆمەڵناسییەوە، جا بۆیە دەبینین تیۆرەکەی ئەفلاتوون هیچ نیە جگە لە دەرهاوێژی Projectionـی ئەزموونێکی کۆمەڵایەتیی وەها کە لەسەر زەوی بەدوایدا بگەڕێین.

ئێستا ئیدی دەتوانم فەزای ئەم باسەتان بۆ بڕەخسێنم، بۆ ئەمەیش پوختەیەکتان لەبارەی ***خواست لەسەر مافی دەسەڵات***ەوە بۆ باسدەکەم [ویست بۆ دەسەڵات]، ئەو خواستەی کە وا لەنێو جەرگەی هزری کۆمەڵایەتیدایە. ئەمەیش یەکەمجار لای ئەفلاتوون لەم فۆرمەیدا دەیبینینەوە: ئەو کەسانەی دەتوانن ماهییەتی دابەشکردنی کار بناسن، ئەوانەی کە دەزانن یان زانیارییان لەسەر ماهیەتی وەزیفە تاکەکەسییەکان هەیە، ئا ئەمانە مافی خۆیانە بگەنە بەرزترین ئاستی سەرکردایەتی کە هەقی ئەوەیان هەیە ببنە پادشا. جا سەیر ئەوەیە هزرگەلێکی لەم شێوەیە تەنانەت لای ئۆگەست کۆنتیش دەبینینەوە، کە بەلای خۆیەوە خۆی بە دژەئەفلاتونیزم دەزانێت، چونکە پێیوابوو کۆمەڵناسی مافی چاودێریکردن

و ئامادەسازیی کۆمەڵگەی هەیە. دواجار ئەمەوێت ئاماژە بە دوایین ئەو هزرانە بکەم کە بەم ئاراستەیەدا دەڕۆن، واتە هزرەکانی کارل مانهایمی هاوڕێمان، کە زۆر بیرۆکەی جیاوازی بەم ئاراستەیەدا خستۆتە ڕوو. مانهایم پێیوایە ئەو ڕۆشنبیرانەی کە پەیوەست نین بە هەڵوێستی چینایەتیی بەرژەوەندخوازانەوە بەتواناتر و شیاوترن بۆ گەیشتن بە بابەتیبوونی زیاتر. لە ماوەی دواتردا مانهایم تیۆری دەستەبژێری وەك خاوەن کەڵکەڵەی دەسەڵات یان مەیلی دەسەڵاتگەری گەشەپێدا. سووك و ئاسان بەرەنجامی ئەو تیۆرە ئەوەبوو کە ئەو کەسانەی مافی چاودێریکردنی کۆمەڵگەیان هەیە و بۆ ئەوە دەشێن شەونخونیی بۆ بکەن و ئەو کەسانەی مافی دەسەڵاتیشیان تێیدا هەیە، ئەوانەن کە پێیان دەڵێین سۆسیۆلۆژیست.

دواجار، دەڵێم من بەتەواوەتی لەوە دڵنیا نیم کە پەرەسەندنی سۆسیۆلۆژیا پەیوەندییەکی بەم خواستە شاراوەیەی مافی دەسەڵاتەوە هەبێت. ئەمەش هیچ بە مەحاڵ و نامومکین نازانم. ڕاستییەکەی ئەوەیە لە لایەن سۆسیۆلۆژیاوە خواستی ئەم زانستە بۆ باڵادەستی بەسەر کۆمەڵگەدا خواستێکی لەمێژینەیە. لە سایەی پەیوەندییە باوەکانی ئێستای دەسەڵاتەوە دەبینین گرووپی وا هەیە توانیویەتی لە بنەڕەتەکانی دابەشکردنی کار تێبگات، توانیویشیەتی ئەرك و ئامانجی عەقڵیی ئەوتۆ بۆ خۆی دابنێت کە هاوشێوە بێت لەگەڵ ئەوەی بەلای کۆمەڵناسەکانەوە بایەخدار و گرنگە، ئەمەیش هەر بەکردەیی، یان بەشاراوەیی لە خەڵکانی تر زیاتر مافی چاودێریکردنی بەسەر کۆمەڵگەوە پێداون.

هەڵەی فیکری لەم جۆرە تیۆرانەدا، کە بۆ کۆمەڵناسەکان تێگەیشتنی ئەستەمە، ئەوەیە ئەم ئاگاییە کردەیی یان شاراوەیە، بۆنموونە وەك مانهایم بۆی دەچێت، وەك هێز حیسابی بۆ کراوە. لەم ساتەدا من وای دەبینم جێیی خۆیەتی ئەوەتان بیر بخەمەوە ئۆگەست کۆنت، کە هەر بە ڕاستی دەیویست کۆمەڵناسی زانستی کۆمەڵگا بێت، بەم پێیەش هەوڵیدا هەموو ئەو وێناکردنە فیتشییانەی لێداماڵێت کە پێیەوە پەیوەست بوون و کۆسپ بوون لەڕێی بەزانستبوونیدا، دەشێت بڵێین بەقەد ئەوەی مێژوونووسی عەقڵی بوو کۆمەڵناس نەبوو، یان با بڵێین **بانعەقڵانی** بوو. جا دوای ئەمانە ڕێم بدەن لە شتێکی زۆر گرنگ ئاگادارتان بکەمەوە، واتە لەو وەهمە ئاگادارتان بکەمەوە کە هێشتا بوونی ***دامەزراوە ناعەقڵانییەکان*** لەکۆمەڵگەی عەقڵانیدا قبوڵدەکات، بۆنموونە وەك دامەزراوەی خێزان و کڵێسا. کۆمەڵناسیی ئەنگلۆساکسۆنی ئەم دامەزراوە ناعەقڵانییانەی تەنیا وەك پاشماوە، شوێنەوار، یان تەنیا وەك میراتێك پۆلێنکردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغگەلێکی لەرزۆك و شلۆق، بەم جۆرە بۆنموونە

سپنسەر دامەزراوەی سەربازیی بە پێشمەرجێك داناوە كە بەو ئەندازەیەی دابەشكردنی كار تێیدا دەبێتە كارێكی عەقڵانیكراو، دەبێتە مایەی تێهەڵكێشبوون و یەكپارچەیش.

لێرەدا هیچم لەدەست نایەت ئەوە نەبێت كە كورتەیەك لەبارەی ئەم مەسەلانەوە باس‌بكەم، ئەگەرچی باوەڕێكی پتەوم بە هەڵەی ئەو تەفسیرە باوە هەیە كە بۆی كراوە و تەنیا بە بیرهێنانەوەی ئەم هەڵانەیش كە تەواوی ئەم نەریتانە هەڵگریانن، دەرەتانێك بۆ چارەسەركردنی ئەو ئیشكالییەتەی كە كۆمەڵگە هاوچەرخەكەمان ورووژاندوونی ناكاتەوە. پاشانیش زۆرینەی ئەو بیرمەندانەی كە ئاماژەم بۆ ناوەكانیان كرد قەناعەتێكی تەواویان بە عەقڵانیەتی بۆرژوازی هەبوو، بە گوزارشتگەلێكی تر پێیان وابووە عەقڵانییەت بەرەنجامی بیركردنەوەی هۆكارەكییە و ئەمەیش لە ناوەندی ڕێگەی بەرهەمهێنانی كۆمەڵگەی بۆرژوازیدا باڵادەستە و كلیلێكە كە دەكرێت بەهۆیەوە گرێ كوێرەكانی كۆمەڵگە بكەنەوە و ڕەهەندەكانی ڕۆشن بكەنەوە.

ئەمانە بیریان لەو ڕۆڵە مەترسیدارە نەدەكردەوە كە ***پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان*** دەیگێڕێت، یان ڕەنگە ئەم ڕۆڵە خۆشحاڵی كردبن، بە شێوازێكی تر گوزارشت لەم مەسەلەیە دەكەم بۆ ئەوەی ببێتە گوزارشتێكی ئیشكالی: ***ئەوان ئەوەیان لەبیردا نەبوو ئەم عەقڵانییەتە لە كۆمەڵگەی بۆرژوازیدا كە زۆرجار خۆیان ئاماژەیان پێداوە، واتە ئەوەی كە پێیان دەگوت سەردەمی زانستی، یان كۆمەڵگەی زانستی یان كۆمەڵگەی پیشەسازی، هەموو ئەمانە پێشتر و ئێستەیش هەر بە ناعەقڵانی ماونەتەوە.*** چەمكی كۆمەڵگەی پیشەسازی هیچ نیە جگە لە درێژكراوەی چەمكە "كۆنتی"ـە كۆنەكە، واتە چەمكی قۆناغی پوزەتیڤیزمی زانستی. ئەم ناعەقڵانیەتە هیچ نیە جگە لە قەناعەتكردن بەم چەمكە، خۆ كاتێك ئامانجی كۆمەڵگە دەبێتە پاراستنی ئەندامەكانی كۆمەڵگە، واتە پاراستنی ئەو خەڵكانەی كە كۆمەڵگەكەیان لێ پێكدێت و كاركردن بۆ شكاندنی كۆدەكانیان، یان كاتێك لەڕێگەی ئەم ئامادەسازییانەوە تەنیا دەگەین بەپێچەوانەی خواستەكە، واتە كاركردن دژی هەر شتێكی عەقڵی، كەواتە ئەمە ناعەقڵانیكردنە.

كاتێكیش بەوردی لەمە ڕادەمێنین، ئەو كاتە ئەوە دەستپێدەكات كە پێی دەڵێین دامەزراوە ناعەقڵانییەكان و هەر یەكەیشیان وەزیفەیەك دەخەنە ئەستۆی خۆیان، ئەو كاتە دەتوانین ئەنجامگیریی چركەساتە ناعەقڵانییەكانی كۆمەڵگە لە بونیادی كۆمەڵگەكە خۆیەوە دەربێنین.

لە سەرەوە بە ئاماژەدان بۆ دامەزراوەیەکی وەك خێزان ئاماژەم بە ناعەقڵانیەت کرد، خۆ دەتوانین دامەزراوەی تری وەك سوپا و وەزیفە سەربازی و دەزگا کڵێسایییەکانیش بە دامەزراوەی ناعەقڵانی حیساب بکەین. ***دەبێت وا لەم چرکەساتە ناعەقڵانییانە تێبگەین، وەك ئەوەی وەزیفە بێت بۆ بەردەوامێتیی ناعەقڵانییەت.*** کۆمەڵگە وەك ئەوەی ئامرازەکانی خۆیەتی، بە دەربڕینی ماکس ڤێبەر لە خۆیدا عەقڵانییە. بەڵام ***عەقڵانییەتێك ئامراز بە ئامانجەوە گرێدەداتەوە. واتە عەقڵانییەتێکە ئامانجە ئوبێکتیڤیەکانی لەگەڵ ئامرازە بەکاهێنراوەکانیدا یەکسان و هەماهەنگ دەکاتەوە،*** ئەمە جگە لەوەی ئامانجگەلێکی وا دەستنیشاندەکات کە بەشێوەیەکی ئاشتییانەی ڕازیکەر باوەڕی بە پاراستنی ڕەگەزی مرۆیی هەبێت، ئەمەش نەك تەنیا هۆکاری بەردەوامبوونی ناعەقڵانییەتە، بەڵکو هۆکاری فراوانبوون و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆیشیەتی بە شێوازی جۆراو جۆر. هەر بەم بۆنەیەشەوە، دەبێت سەرنج لەوە بدەین ڕەنگە ئەمە ڕاڤەیەکی قووڵ بێت بۆ ئەو دەلالەتەی کە چرکەساتە دەروونییەکان، یان ئەوەی پێی دوترێت چرکەساتە سۆسیۆ/سایکۆلۆژییەکانی ئەم کۆمەڵگایانە، هەیانە. بە بڕوای من ئەم لێبوونەوە (إشتقاق) بابەتییەی ناعەقڵانییەت، یان ئەم لێبوونەوە عەقڵییەی ناعەقڵانییەت ڕەنگە خاڵە سەرەکییە دژوارەکەی کۆمەڵناسیی هاوچەرخ بێت.

ئێستا دەچمەوە سەر باسی ئارەزوو و خولیاکانی کۆمەڵناسی بۆ دەسەلات. پێشتر گوتم کۆمەڵناسی خولیای دەسەلات و بەرەنجامی کردەی چاودێریکردن بەسەر هەندێك هەڵوێستەوە سەرزەنشتدەکات. پێشتریش ئاماژەم بەو توێژینەوانە دا کە لە کەسایەتیی دەسەلاتخوازیان کۆڵیوەتەوە، لێرەدا ***ناعەقڵانییەتی گروپە بچووکەکان*** بۆ ئەو باسە زیاد دەکەم. لێرەدا زۆر درێژەی پێنادەم. بەڵکو نموونەیەکی بچووك بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك بابەت باسدەکەم، هەڵبەت دەبێت بزانین من یەك وشەی زیاتر لەسەر ئەو نموونەیە ناڵێم بەو ئومێدەی خوێنەر یان گوێگر خۆی لە کاریگەرییە کۆمەلایەتییەکەی ئەو نموونەیەی من تێبگات، ئەگەرچی پەیوندییەکی پتەویشی بە کایەی ڕیکلام و بانگەشەوە هەیە. لە ئەمریکا باس لەو لقە دەکەن کە پێی دەڵێن " کۆمەڵناسیی **مانگا**". چیرۆکەکە ئەمەیە: یەکێك لە کۆمپانیا پاوانخوازەکانی بەرهەمهێنانی شیر بۆ برەودان بە بەرهەمەکانی خۆی پشتی بەست بەو ڕیکلامەی کە دەڵێت شیری دەبە شیری ئەو مانگایانەیە کە بەئاسودەییەوە لەگەڵ جووتەکانی تریاندا دەژین، بۆیە ئەم شیری دەبەیە باشترین جۆری شیرە.

ئەوەی من دەمەوێت بە جددی قسەی لەسەر بکەم ئەمەیە کە جۆری ئارەزووە دەسەڵاتخوازەکان، وەك ئەوەی کۆمەڵناسیی هاوچەرخ وەك زانستێك بۆ چاودێریکردنی کۆمەڵگە بەکاری دەهێنێت ڕێك شتێکی لەم بابەتەیە. واتە هرزەکانی دەسەڵاتگەری بەسەر هەندێك کەرتی کۆمەڵگەکانی ئێستاوە دەشێت تا ڕادەی دەسەڵات بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا بەرفراوان ببێت و قەڵەمڕەوخوازی بکات. لەم بیرۆکانەدا شتێکی هاوشێوەی ئەوەی لەبارەی مانهایمەوە ئاماژەم پێدا دەبینینەوە، واتە ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ئازادانە لەسەرووی هەموو چینەکانەوە مەلە دەکەن. ***کەڵکەڵە کۆمەڵناسییە لەمێژینەکان، کە کۆمەڵناسی بەنهێنی یان بە ئاشکرا گوزارشتی لێ کردوون، واتای بارهێنانی کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی لە هێز و هاوشێوەکانی هێزەوە نییە، بەڵکو واتای دانانی چاودێرییەکە لەسەر کۆمەڵگا، بەشێوەیەك کە ئەم چاودێرییە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەڕوانێت، لە سەرەوە چاودێرییەکە دەکات.***

دەتوانین بەشێوەیەکی زۆر زەق گوزارشت لەم دۆخە بکەین، کاتێك لە ڕێگەی کۆمەڵناسییەوە قسە لەبارەی چەمکی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگاوە دەکەین وا ڕاستتر چەمکی ***ڕێکخستنی پراکتیکی*** لەبری چەمکی ***عەقڵانییەت*** بەکار بهێنین. کۆمەڵناسەکانیش هەرگیز لە بازنە و جوغزی ئەم بۆچوونانە دەرنەچوون، چونکە پێیان وابووە سۆسیالیزم بریتییە لە وەلانانی مەسرەفگەلێك کە دەکرێت نەیانهێڵین، یان بە سادەیی خۆپاراستن لە کەوتنە نێو هەڵە و تێکچوون و پەرتەوازەییەوە، بە مانایەکی تر ڕێکخستنی ڕەوتی میکانیزمی بەرهەمهێنانی کاپیتالی، ئەمە بێجگە لە باسکردن یان بیرکردنەوەی بەردەوام لە پەیوەندیی خەڵکانی زیندوو بە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانەوە.

بەم جۆرە دەتوانین ***بڵێین ئارەزووی کۆمەڵناسی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە هیچ نیە جگە لە چەسپاندنی چاودێری***، بە واتای ئامادەسازیی تایپی تەکنۆکراتی، بەڵام ئەم تایپە تا ڕادەی بەئامێرکردنی ئامرازی بەرهەمهێنان و لەمیشەوە ژیانی هاوبەشی مرۆڤ تا دەگات بە ئاگامەندی و نائاگامەندییان، درێژدەبێتەوە. ئەم ئاراستەوەرگرتنە تەکنۆکراتییە بەرەو تایپی کۆمەڵناسییانە، زۆرجار هەر بەزوویی کەوتۆتە کار لەمیانەی پەرەسەندنی تەکنیکییەوە، ئەو پەرەسەندنەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی سرووشت پێویست و زەرورییە.

بە بڕوای من ئەم ئاماژە بنەڕەتییانە کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا خستمنەڕوو، دەستەبەری دەرخستنی نەبوونی هیچ تایبەتمەندی و جیاوکێکن کە کۆمەڵناسی هەیبێت، بەو واتایەی ئەگەر بڕیار بێت زانستێکمان بۆ کۆمەڵگا هەبێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوە نییە مافی داگیرکردنی پێگەیەکی سەنتەریی

تایبەتمان لەنێو ئەو کۆمەڵگەی دەمانەوێت لێی وردبینەوە و لێی تێبگەین، پێ‌بدات. ئینجا دەبێت ڕەخنە لە چەمکگەلی وەکو: دەسەڵات، یان دەستەبژێر و سەرکردایەتی و بگرە چەمکی ڕۆشنبیر بگرین و لێیان دەرباز ببین، نەك لەڕێگەی هەڵوێستی فیتشییەوە هەوڵی درێژکردنەوەیان بدەین. باشترین شتێك کە ئومێدەوار و خوازیاری بین، پاراستنی ئاوەز و پێگەیشتوویی خۆمان، یان بەشێك لەم ئاوەزیە لەڕێگەی پاراستنی ئەو بابەتەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، ئەمە لەپاڵ پاراستنی ئەم بابەتە و ئازادیی خۆیشماندا.

سەرچاوە:


- ثیودور فون أدورنو: محاضرات فی علم الإجتماع، ترجمة: جورج کتورة، مرکز الإنمه القومی، لبنان- بیروت، ص١٠٦-١١١.